هەواڵ هەواڵ

رانیە: شۆفێران هەڵوێست وەردەگرن

بەگوێرەی سەرچاوەیکی هەواڵ: هەیئەتێکی حزبی دەسەڵاتدار، بڕی 10 ملیۆن دیناری شۆفێرانی کۆستەرەکانی شاری رانیە قەرزدارەو تاکو ئێستا نەیداوەتەوە دەستیان، جێگەی باسە ئەم قەرزە بەهۆی ئەو گەشت و گوزارەی خوێندکارانی دەڤەرەکە بووە، لەگەڵ رۆژی پێشوازی کردنی سەرۆک لەکاتی گەرانەوەی لە دوای نەخۆشییەکەی، شایانی باسە ئەو بڕە پارەیە ماوەی پێنج مانگی بەسەرا رۆیشتووە، بەوتەی شۆفێرەکان دەستاودەستیان پێ کراوە، بۆیە سەرجەم شۆفێرەکان داواکارن لەبەرپرسانی حزبی و حکومی کە کێشەکەیان چارەسەر بکرێ، ئەگینا هەوڵوێست وەردەگرن و چیتر چاوەروانی ناکەن.

بەرپرسی سەنتەرێک دەست لەکار دەکێشێتەوە

رۆژی 2007-7-23 بەرێوەبەری سەنتەری رۆشنبیری قەڵادزێ (ا.ح) بەوەکالەت و ئەندامێکی باڵای سەنتەر بەناوی (ح.ح.خ) دەستیان لەکارکێشایەوە، بەهۆی ئەوەی گەندەڵی لەنێو سەنتەرەکەدا سەری هەڵداوەو هیچ چالاکیەک و پێشکەوتنێک لەم سەنتەرە بەدی ناکرێ.

کچێک دەسوتێ

بەپێی سەرچاوەیکی هەواڵ لەشاری کۆیە، رۆژی 24-7-2007 کچێکی تەمەن بیست و سێ ساڵ، دەرچووی ئامادەیی، بەهۆی هەبوونی نەخۆشی دەروونی ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات و کۆتایی بەژیانی خۆی دێنێت.

سەرخۆشێک هەوڵێ خۆکوشتن دەدا

رۆژی 2007-7-24 گەنجێکی دانیشتووی شاری ڕانیە_ کێوەرەش بەناوی (ژ.ع) بەهۆی خواردنەوەی بڕێکی زۆر لەمەی و لەئەنجامی سەرخۆش بوونیدا بەدەمانچەیێکی، تورکی گولەیک لەخۆی دەدات و بەسەختی بریندار دەبێت، رەوانەی نەخۆشخانەی دەکەن و شایانی باسە، ناوبراو گیانی لەمەترسیدایە.

دوو شۆفێر دەسوتێن

بەگوێرەی هەواڵ: رۆژی 2007-7-22 شۆفێری گەلابەیکی گاز بەناوی (ه.ع) لە لۆفەکانی پیرمام و لەکاتی خەریک بوونی تانکی گازەکە، لەپر گازەکە گردەگرێ و جگە لەزەرەری ماددی شۆفێرەکە بەرێژەیکی زۆر جەستەی دەسوتێ و رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێر دەکرێت، بەڵام بەهۆی زۆر سووتاوییەکەی گیان لەدەست دەدا، وەهەروەها دوو رۆژ بەر لەم کارەساتە لاوێکی تر بەناوی (ز.ئ) کە ئەویش شۆفێری گەلابەیک بوو لەبەرزاییەکانی سپیلک – خەلیفان بەکارەساتی سووتان گیان لەدەستدەدات.

منداڵێک دەخنکێت

رۆژی 2007-7-24گەنجێکی خەڵکی ناوچەی هەولێر بەناوی (نێچروان محەمەد) کەتەمەنی 24 ساڵە لەناو دووکان دەخنکێت دوای تیمی مەلەوان دەری دەهێنن. جێگەی باسەکەبراکەیشی کەوتبوە نێو ئاوەکەوە بەڵام ئەویان لەخنکاندن رزگار کرد.

وڵاتیەک دەکوژرێ

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ،رۆژی2007-7-22 بەهۆی کێشەیکی کۆمەڵایەتی (ژن)دوو وڵاتی بەناوەکانی (ش.ع) و(س.ج) لەگوندی خۆرانی سەربەناحیەی پیرمام ،کێشە ودەمەقاڵێ لەنێوانیاندا دروست دەبێت .(ش-ع)تەقەلە(س.ج)یم، دەکات وچەن فیشەکێکی پێوە دەنێت وبەسەختی بریندارى دەکات ،دوای ئەوە رەوانەی نەخۆشخانەی هەولێرێ دەکەن بۆچارەسەرکردنی برینەکەی بەڵام لەرۆژی 25-7- 2007 بەهۆی سەختی برینەکەی گیان لەدەست ئەدات ئەوەی جێگەی باسە ئەم گوندە کە کەوتووەتەبناری چیای سەفین، مێژوێکی کۆنی هەیەلە یەکترکوشتن لەنێوان خۆیاندا .هەربەم هۆیەوە دوژمنداریەتی زۆری تێدا دروست بووە وخەڵکی ئەم گوندە زۆربەیان پەرتەوازە بوونەو کۆچیان کردووە بۆ ئێران وسوریاو ناوچەکانی تری کوردستان.

وڵاتیەک دەستگیر دەکرێ

سەرچاوەیکی نزیک لەم هەواڵە بەرۆژی گەلی راگەیاند؛ وڵاتیکی تەمەن52ساڵ بەناوی (ت.ب.ع) کەخەڵکی شەقلاوایە، لەساڵی 1982بەرەو وڵاتی ئەڵمانیا چووە و لەوێ نیشتەجێ بووە، دوای گەرانەوەی بۆکوردستان بەتۆمەتی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ تورکیا و وەرگرتنی12دەفتەردولار، لەلایەن ئاسایشی شەقلاوا دەستگیرکراوە.

گوڵە هەنار کۆتایی پێ هات

پاش دوو رۆژ لەبەردەوامی شیعری لاوان، بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری هەڵەبجە کۆتایی بەیستیڤاڵی شیعری گوڵە هەنار هێنا کە لەاری هەڵەبجە بە بەشداری چڵ و یەک شاعیری لاو سازکرابوو لە ئێوارەی رۆژی 26-7-2007 لە مەراسیمێکی شایستەدا ئەنجامی ڤیستیڤاڵەکە راگەیندراو، خەڵات بەسەر سەرکەوتووان دابەشکرا

خۆراکی بەسەر چوو دەستی بەسەردا دەگیرێ

بەسەرپەرشتی لێژنەی بەدواداچوونی خۆراک و شت و مەکی بەسەرچوو دەست گیرابەسەر چەندین جۆر کێکی ئێرانی بەسەرچوو لەم بارەوە حسام ئیبراهیم لێپرسراوی مەڵبەندی تەندروستی وخۆپاراستن وژینگەپارێزی کەلار بەپەیامنێرمانی راگەیاند؛ دوای ئەوەی بەردەوام لەهەوڵی ئەوەداین کە ئەو خۆراکانەی بەسەرچوون و لەمەرزەکانەوە بەشیوەی ئایاسایی بۆ ناو هەرێمی کوردستان دێن ،دەستی بەسەردابگرین ،توانیمان بەهاوکاری بەشی ئابوری ئاسایشی کەلار چەندین کارتۆن و کیسەی کێکی جۆراوجۆری ئێرانی بەسەرچوو لەمەخزەنەکانی گوندی گردەگۆزینە وشێخ لەنگەر ،- کەلەنزیکی کەلارەو شوێنی دابەش کردنی ئەو خۆراکانەیە بگرین.

پێنج کەس دەکوژرێن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ،رۆژی 2007-7-25 لە شارۆچکەی قەرەتەپە بەهۆی کێشەی زەوی و زار، چەند کەسێک تەقەلەیەکتری دەکەن کە لەئاکامی ئەم شەرە، چەند کەس دەکوژرێن. ئەوکێشەیە تاکو ئێستا چارەسەرێکی بۆ نەدۆزراوەتەوە، سەرچاوەیکی نزیک وئاگادار لەو کێشەیە لەشارۆچکەی قەرەتەپە بەپەیامنێرمانی راگەیاند؛ دووخانەوادەکە خزمی یەکترن بەهۆی کێشەی زەوی وزار، تەقەلەیەکتر دەکەن کە کوژرانی پێنج کەسی لێ دەکەوێتەوە، یەکێک لەقوربانیەکانی ئەم شەرە کابرایێکی پیر دەبێ کە بەهۆی دیتنی ئەو شەرە جەڵدە لێی دەدات ودەمرێ.

چوار کەس دەخنکێن

بەگوێرەی سەرچاوەی هەواڵ، کات ژمێر 11.30خولەکی شەوی27-7-2007بەهۆی کەوتنە خوارەوەی ئۆتۆمبیلێک بۆ ناو ئاوی روباری سیروان – کەدەکەوێتە لای شاروچکەی باوەنوردەربەندیخان، چوارکەس دەبنە قوربانی یەک کەسیش بریندار دەبێت. لەم بارەوە کەسێکی نزیک لەشۆفێری ئۆتۆمبیلەکە بەپەیامنێرمانی راگەیاند؛ کە لردوای گەرانەوەی ئۆتۆمبیلی جۆری ئۆپڵ لەشاری سلێمانی بەرەو کەلار، سەیارەکەیان دەکەوێتە نێو روباری سیروان لەئەنجامدا چوارکەس بەناوەکانی (ر-ج)کەپارێزەرەو، و (د-ک) و (م-ی) خێزانی شۆفێرەکە بەناوی (س-ک) و ئامۆژیایکی ترایانبەناوی (ن-م) دەکوژرێن جگەلەشۆفێرەکە، کەبریندار دەبێت ئەو چوارکەسەی تر گیان لەدەست دەدەن، جێگەی باسە کەتائیستا چوارتەرمەکە نەدۆزراوەتەوە بەهۆی نوقم بونیان لە نێو ئاوی روبارەکە.

قەڵای شێروانە پاک دەکرێتەوە

لەهەڵمەتێکی بەرفراوان چەند کارمەندو کارگوزاری فەرمانگەی ئاسەواری کەلار هەستان بەپاک کردنەوەی قەڵای شێروانەودەوروبەری، لەم بارەیەوە ساڵح محەمەدسەمین بەرپەسی فەرمانگەی ئاسەواری کەلار پێی راگەیاندین؛ئەوهەڵمەتەبەمەبەستی پاک کردنەوەی قەڵای شێروانەو دەورو بەری ئەنجاممان داوە. بەداخەوە کە هەندێ لەگەنجانی ئەم شارە و دەوروبەری بەمەبەستی کات بەسەر بردن دەچنە ئەوشوێنە و پاشماوەی خۆیان وەکو قوتی ساردی و بیرە لەوێ فرێ دەدەن، کە دەبێتە هۆی ناشرین بوونی سیمای شارەکەمان، ئەم هەڵمەتە کە لەهەفتەی رابردو دەستی پێکراوە چەند رۆژێک دەخایێنێت.

لەناوبردنی 1250سەگ لە کەلار

بەگوێرەی سەرچاوەیکی هەواڵ لە کەلار، سنوری رزگاری و دەوروبەری ژمارەیکی سەگی زۆری تێدایە کەبوەتە جێگەی مەترسی وڵاتیانی ئەو دەوروبەرە لە تووشبوونی نەخۆشی بۆئەم مەبەستەش بەرێوەبەری سامان ودروستی ئاژەڵ پی راگەیاندین؛کە لەریگەی حەبەوە توانیومانە 1250سەگ لەناوبەرین، ئێمە توانیومانە لەسەرەتای ساڵەوە لەگەرمیان زیاتر لە پێنج هەزار حەبی ستریگ تێکەڵ بەگۆشت بکەین .جێگەی باسە کەلەسنوری رزگاری کەلار نزیکەی 1250سەگ کوژراوە ، ئەمەش لەکاتێکدایە کە بری 1750 حەب لەوناوچەیە سەرف کراوە ، هەروەها وتی بوونی سەگی زۆر لەوناوچەیە بەهۆی بوونی زبڵ وخاشاکی وڵاتیانە

پۆلیسێکی دارستان گیان لەدەست دەدات

بەهۆی کەوتنەخوارەوەی لەسەربانی خۆیان وڵاتی (د-ک) کەپۆلیسی دارستان بووە لەشاری کەلار، گیانی لەدەست ئەدات ، سەرچاوەیکی نزیک لەوکەسە پی راگەیاندین کەناوبراو بەهۆی بەدنەسەربانی هەنێ کەل وپەلی ناوماڵ پای خزیوە و کەوتووەتە خوارەوەچونکاسەربانەکەشیان ستارەی بانی نەبووە.

تیرۆریستان زاڵگە دادەنێن

سەرچاوەیکی ئەمنی لە خانەقین پی راگەیاندین:کەرۆژی 2007-7-25لەسەرجادەی مەندەلی –ئیمام وەیس لەناوچەی ندا، تیرۆحریستان بەجلی سەربازیەوە زاڵگەیکیان بۆخۆیان کەدبوو کە خۆیان کردبوو بەپۆلیس، دواتر چەندئۆتۆمبیلیکی بارهەڵگرکە میوەوسەوزەباردەکەن، تیرۆریستان ڕایان دەگرن شۆفیرە کانیان دەکوژن کەژمارەیان 5کەس دەبن و خەڵکی ئەوناوچەیەن.

10تیرۆرست دەکوژرێن

بەپێ سەرچاوەی هەواڵ، لەماوەی ئەم هەفتەی رابردودا بەهاوکاری هێزە فرەرەگەزەکان پۆلیسی ئەمنی ناوچەی گەرمیان توانیویان لە هەڵمەتێکی پاک کردنەوەی شارەبان لە تیرۆریستان، 10تیرۆریست بکوژن و هەشتی تریش دەست گیر بکەن هەروەها دەستیشیان گرتووە بە سەر چەند گوللە ئارپیجی و نارنجۆکی دەستیش سەرچاوەکە وتی کە لەم هەڵمەتە سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێناوە.

ئافرەتێک خزمەتی هەشت ساڵی بۆ حساب ناکرێ

لە شاری کفری ئافرەتێکی فەرمانبەر لە تێبینەرایەتی خانووبەرەی کفری بەناوی (س-ع) ماوەی هەشت ساڵە خزمەتی بۆحساب نەکراوە کە لەقوتابخانەیکی شاری کفری فەرمانبەر بووە .جێگەی ئاماژەیە لەساڵی 1993دامەزراوە ، ئەمیش دوای گەرانەوەی بۆتێبینەرایەتی خانووبەرەی شاری کفری، دوای ئەوەی سەردانی پەروەردەی شاری کفری کردوە بەمەبەستی حساب کردنی ئەو هەشت ساڵە خزمەتەی، بەڵام لەوێ پێیان وتووە کە تۆ تورکمانی و بۆت حساب ناکرێ.

کەلار: بەتەقە کردن خۆشحاڵی خۆیان دەر دەبرن

کات ژمێر 10.30خولەکی سەرلەبەیانی رۆژی 2007-7-25 بەبۆنەی سەرکەوتنی تیپی فوتباڵی عێراق لەشاری کەلار دەست کرا بەتەقاندی گوللە و چەندین گوللە ئارپیجیش هەر لەوشارە تەقێنرا کەبووە هۆی نیگەرانی وڵاتیانی ئەوشارە.

هەواڵی سەیر

*پاسەوانی لێپرسراوێکی سەربازی بەرچاو کەلەسنوری کەرکوک –چەمچەماڵ بەناوبانگە، چەندەها جارکاری خراپ وشەروئاژاوەو دزی دەکات بەڵام هەرکێشەکەی بۆ چارەسەر دەکەن. هەمووی دوو مانگ نابێت لەبەردەم دەزگا ئایینی و حزبی و کۆمەڵایەتیەکانی چەمەماڵ سولحیان بۆکرد، کەچی لەهەفتەی رابردودا لەگەڵ یەک دوو هاورێ خۆی بەزۆرەملێ ئۆتۆمبیلی کابرایە کیان ڕفاند لەکەرکوک. کەسێک چاوی لەوان دەبێ وژمارەی ئۆتۆمبیلەکەیان دەگرێ و دەیداتە بازگەکانی دەرەوەی شارتاکو لەبازگەی قەرەهەنجیر دەیان گرن، دوای مشت ومڕێکی زۆر پاسەوانەدزەکە(ع-ن) لەگەڵ هاورێکانی دەستگیر دەکرێن بەچەک و تفاقی پێشمەرگایەتیەوە.

*رۆژی 2007-7-24وڵاتی (ع-ن) کەلەتەقینەوەگەورەکەی شاری کەرکوک بریندار بوو کۆچی دوایی کرد. شایانی باسە کە خەلکی شاری کەرکوک دڵەراوکێ ونیگەرانی کەوتوەتە نێوانیان، دوای ئەو تەقینەوە خەڵک گومانی خراپیان لادروست بووە . هەندێدەڵێن کە ئەوە لۆری نەبوە بەلکو موسەکی زەمین بەزەمین بووە ، هەندێکی تر دەڵێن کە نا پێ دەچێ مادەی فسفۆری بێت، هرچیبەرپرسەکانیشە دەڵێن کە ئەوە لۆری بووە و وڵاتیان بینیویانە، بەڵام ساروخی تێدابووەو لەدەرەوەی عێراق ئامادەکراوە لە ناو لۆریەکە.هەرچی بێت هەموورێگاکان بۆ ڕۆمادەچێت، کورد ناهەقی نیە نیگەران بێت لەشارەکە چونکا نەحکومەتی عێراقی بۆئاسایی کردنەوەیی بارودۆخەکە هەنگاوێک دەنێ نە کوردیش واز لە مل ملانێ حزبی بەر دێنێ و دەست دەکات بە کوردایەتی، بەڵام شایانی باسە کەلەو شوێنە پارچە ئۆتۆمبیلێک نیە تاکو بڵێن هی لۆریەکەیە بۆیە خەڵک نیگەرانن.

* مزگەوتی ئازادی شاری کەرکوک مەلایێکی گەنجی لێ یە بەناوی(ع) ئەم پیاوە گەنجە لەدوای روخانی رژیم واخۆی دەرخست کە پیاوێکی بێ لایەنە تەنهاکاری خوداپەرەستی دەکات وهیچی تر.بەڵام دووساڵە دەرکەوتوە کە سەر بە لایەنێکی سیاسی حزبە ئیسلامیەکانی کۆردستانەورۆژانەسەدان منداڵ وگەنج دەچنە مزگەوتەکەوکردویەتی بەقوتابخانەی ئائین. ئەنساڵ چو بۆ عەمرە لەدوای گەرانەوەی لەمزگەوتەکە لایان دا بەتۆمەتی ئەوەی یەکێکە لە ڤیشتگیری کەرەکانی کۆمونەوەی قاهیرە. بەڵام سەیرەکە لێرەدایە کە لەلایەن مەلایکی برچاوی ناویەکیەتی زانایانی هەولێر کێشەکەی بۆچارەسەرکراوە ،ئێستاگەراوەتەوە سەرمزگەوتەکەی خۆی.

* جگەرەکیشان لەسەر مۆتۆر سیکلێت کێشەیکی گەورەدروستدەکات ،لەرۆژی 2007-7-23لەریگای نێوان چەمچەماڵ-سەنگاوکوریکی گەنج بەسواری ماتۆر جگەرەدەکێشێ، لەوکاتەدائۆتۆمبیلیکی لان کرۆزەرکەسێوڵاتی ناسراوی تێدایە دەی بینن ورای دەگرن، ئامۆژگاری دەکەن کەیەکەم جگەرەکێشان خراپە بە شێوەیە ودیاردەیکی زۆرناشرینە دووهەمیش لەئەنجامی فرێ دانی ئاگری جگەرەکەت بۆی هەیە کە ئەم هەمو پوش و پاوەنە بسوتێ، بەجوانی جگەرەکەت بکوژێنەوە، گەنجەکەش زۆربێشەرمانە دەڵێ کە ئێوە ئیهانەی منتان کردوە قەبولی ناکەم وشکاتان لێ دەکەم ،دەبێتەمشت ومریانئەوانیشکورەکە دەکوتن، چەن سەیارەیکی ترلە ریگاکە لادەدەن ولەژێر دەستیان دەری دەهێنن، ئەوەی جێگای باسە کە ئەمساڵ ئاگرێکی زۆر لەکوردستان کەوتوەتەوە لەهەموو ناوچە کان و تائیستا پۆلیسی دارستانیش هۆکارەکەی نەزانیوە.

* بەرێوەبەریەتی پەروەردەی چەمچەمال بەفەرمانێکی کارگێری، ژمارەیک مامۆستای گواستەوە بۆهەندێ فێرگە بەمەبەستی وتنەوەی وانەی کەمپیوتەر.سەیر ئەوەیە ؛تەنها ناوەکان دەرچووە وکەسیش مامۆستای نەبینیوە وەکو دەڵێن کەسیان ئامادەنین برۆن بۆئەو شوێنانە بۆ وانەوتنەوە کەبۆیان دیاری کراوە. شایانی باسە کە ئەو مامۆستایانە ئەبوایە فەرمانەکەیان ساڵی پار دەربچوایە بەڵام لەبەر(چاونەفەس)دواخرا بۆ ئەمساڵ وبۆئەو فێرگانەی کە هێشتا کۆمپیوتەریان لە دووریشە وە نەبینیوە وئەوانیش ساڵێکە لەسەر حیسابی ئەمان لەشوێنێکی دیکە دەوام دەکەن.

* مژدە..مژدە..مژدە..گۆڤاری ئاسۆی پەروەردەیی وپاشکۆکەی لەمانگی شوباتی2007دەرچووە لەکۆتایی مانگی حوزەیران گەیشتە دەستی خوێنەران. ئاسۆی پەروەردەیی وپاشکۆکەی لەشاری هەولێرلەسەر بودجەی وەزارەتی پەروەردە چاپ دەکرێ ئەگەرلەکاتی خۆی بە(نەرم وگەرمی) بگات بەدەست خوێنەران سودی زۆرباشی تیایە بەڵام دیارە مل ملانێ حیزبایەتی ئەوگۆڤارەشی گرتوەتەو بۆیە دوای پێنج مانگ ئینجابڵاو دەبێتەوە ، بەراستی هەڵخەڵەتانێکی گەورەیە لەمامۆستایان وفێرخوازانی دەکەن